## وەش لە بێ بەزەییت ئەی نیشتمان.

## نامە ئەدەبی و بوێرەکەی سەید ئەلقمنی کە لە 2007/2/9 بڵاوکرایەوە.

و. مەحمود محەمەد عوسمان

### بەشی دووەم

هاورێ و مرۆڤ، دەدگەرێنمەوە بۆ رۆژانی پێش ساڵێک، و پێش ئەوەش بۆ 7 حەفت مانگ، ئەو کاتە رۆژانە نامەم لە ( بنکەی لاینگرانی رافدەین،" قاعدة انصار الرافدین") بەدەست دەگەشت، پاشان نامەکان ناونیشانی دەرەوەیان پێوەدیاربوو و شێوەی هەرەشە و تەحقیری هەبوو، بۆ نموونە ئەم ناونیشانە **( گوێ بگرە لە ئەبو مسعب ئەلزەرقاوی گەورەت)** و لە نێو نامەکەدا دەقی خیتابەکەی زەرقاوییە، یان وەک **( لە رێ خوا ئەم ئامۆژگارییەت دەکەین)**، و پرە لە ئامۆژگاری بۆ ئەوەی پاشگەزببمەوە لە نووسینەکانم، و گفتوگۆی نووسینەکانم دەکەن لە روانگەی ئیسلامێکی توندرەو و گۆشەگیر و دڵرەق، تا نامەیەک هات بە ناونیشانی ( عقبالک)* و لە ناو نامەکە دەقی بەیانی کوشتنی ئیهاب شەریفی، باڵوێزی میسر لە عێراق تێدا بوو، هەموو نامەکان ئارمی قاعدە انصار الرافدینی هەڵدەگرد، و لەگەڵ هەموو نامەیەکدا و لەگەڵ کردنەوەی نامەکە گوێت لە سروودێکی ئیسلامی جیهادی دەبوو، پاشان نامە خوێناوییەکەم بەدەست گەشت بەڵام بە ئیمزای ( جماعة الجهاد مصر). دوای ئەوە هەموو نامەکان وەستان، تا بەیاننامەی وەستاندنم لەبڵاوکردنەوە ئاشکراکرد، پاشان نامەیەکی ترم بۆ هات داوای پەشیمانی و قەبوولکردنی تۆبە دەکات بە ئیمزای کۆمەڵەی جیهادی میسری، دوای ئەوە هەموو شتێک وەستا. دەبوایە دوای ئەمانە هەموو ئەم زنجیرەیەم پێکەوە ببەستایە، و هەموو نامەکانی پێشوو لە عێراقەوە رەوانە کرابوو و پێوەندییەکی نەبچراو و هاودەنگی و زانیاری گۆرینەوەی هەبوو لەگەڵ ئەوەی کە نامەی هەرەشەکە و نامەی پەشیمانییەکەی نارد بە ئیمزای کۆمەڵەی جیهادی میسری، دەبەنگییە کە نامەکانی ( انساری قاعدە الرافدین) لەگەڵ نامەکانی کۆمەڵەی جیهادی میسری لەیەک جیابکەینەوە. پێش چەند مانگێک پیاوی دووەمی قاعیدە ( ئەیمەن ئەلزەواهیری) ئاماژەی بە یکگرتنێکی ئاشکرای نێوان کۆمەلەی ئیسلامی لە میسر و کۆمەڵەی جیهادی میسری کرد لەگەڵ قاعیدە، لەونێوەدا کۆمەڵەی ئیسلامی ئاشکرای کرد کە رەزامەند نەبووە لە بەیاننامەکەی زەواهری، ئیتر درۆ بێت یان راست، بەڵام کۆمەڵەی جیهادی میسری هەتا ئێستە بەدرۆی نەخستووەتەوە.

مەرجی هەڕەشەکە کوشتنم بوو، ئەگەر من لەماوەی یەک هەفتەدا تۆبەنامەیەک نە نووسم و بڵاوی نەکەمەوە بەتایبەتی لە گۆڤاری ڕۆزیوسف، کە لێکۆڵینەوەکانم و نووسینەکانم( وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن کفرەکانم) لەوی بڵاودەکەمەوە، ( کاتی خۆی ئەو تۆبەنامەم ناونا: بەیاننامەی وەستان لە نووسین و بڵاوکردنەوە، چونکە من نەموتووە لەبیرکردنەو دەوەستم یان واز لە بیروباوەڕم دەهێنم، تەنها لە بڵاوکردنەوە وەستام لە ژێر هەڕەشەی کوشتن، لە پشتی بەیانامەکە داوەکارییەکم بڵاوکردەوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەکدا کەوا ئەمە کرنووشبردنێکی بەزۆرە و بە ئیرادەی خۆم نییە).
بەڕێکەوتێکی ناخۆش پێش ئەوە بە دوو هەفتە من لەو گۆڤارە لە نووسین وەستام، دوای ئەوەی کە مامۆستا محەمەد عەبدئەلمنعم خانەنشین بوو، ئەو کەسە بووە سەرنووسەر کە ڕەقیب بوو لەسەر وتارەکانم. زۆرجار ئەم کەسە بە نائاگاهییەکەوە دەستێوەردانێکی دەبەنگانە و هێچوپووچانەی دەکرد لەو مەسەلانەی کە هیچی لێی نەدەزانی و تێنەدەگەشت، کە بووە هۆی کێشەی بەردەوام لە نێوان من و گۆڤارەکە، هەندێک جار دەگەشتە ئاستی ئەوەی کە بۆ چەند مانگێک لە نووسین بووەستم، تا سەرنووسەرەکە تەلەفۆنی بۆ دەکردم و بەڵێنی دەدا کە دەستتێوەردان نەکات، بەم شێوەیە بوو... تا ڕەقیبە بەڕێزەکە گەشتە سەرنووسەری، دوای ئەوە ئیمکانی نەبوو ئیتر بۆ گۆڤارەکە بنووسم. دوای دوو هەفتە وەستان لە نووسین، نامەی هەڕەشە بە کووشتن هات و داوای بڵاوکردنەوەی تۆبە دەکات لەو گۆڤارەی کە ناومان هێنا. ناچاری کردم کرنووش ببەم و پێوەندی بە سەرنووسەرە نوێکە بکەم ( ڕەقیبەکەی جاران) و هەروەها لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوبەرایەتی کە بەداخەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان برادەرم بوو، بۆ ئەوەی بگەینە تێگەشتن و ڕێکەوتنێک لە نێوان هەموو لایەنەکان، تا بە شێوەیەکی گونجاو بمپارێزن ئەگەر لەم گوڤارە شت بڵاوبکەمەوە یان لە شوێنێکی تر. بەڵام ئەم بەڕێزانە کە لە ناکاو بوونە گەورە نەیانتوانی لێمببوورن لەو شکاتەی کە لە سەرنووسەری پێشووم کردبوو بۆ ئەو دەستتێوەردانە بەردەوامەی لە لایەن ڕەقیبەکەوە، کە گەشتنە دەسەڵاتی گۆڤارەکە هیچ لێبوردنیان نەبوو بە مەرجێک من لە نووسین وەستابووم... کەسیان وەڵامیان نەدایەوە. پێوەندیم کرد بە دکتۆر وەسیم ئەلسیسی، کە برادەرمە و نووسەرە لەهەمان گۆڤاردا، لەبەر ئەوەی کەسێکی دیبلۆماسی و میانڕەوە، بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات و چاومان بەیەک بکەوێت و بگەینە ڕێکەوتنێک. وادیارە ئەم کەسە توانای هیچی نەبوو، منیش ئینزارێک و شێوەی تۆبەنامەکەم بۆ ناردن، بۆ ئەوەی هاندەریان بێت، بەڵام بێ هوودە بوو.
لای خێزانەکەم ئاشکرام نەکرد، و ئاگاداری ئاسایشی گشتی و دەوڵەتم کردەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونم، و نامەیەکم بە فاکس نارد بۆ لوا حەمدی عەبدولکەریم یاریدەدەری وەزیری ناوخۆ و هەموو کێشەکەم بۆ ڕۆشنکردەوە... باسی بەیاننامەی وەستاندنم کرد لە بڵاوکردنەوە، بۆ ئەوەی پشتگیری بکرێم، هەر وشەیەک لە نامەکە باسی فریاکەوتنێکی ڕەسمی دەکات، بۆ ئەوەی ناچار نەبم بڵاوی بکەمەوە و پاشان

بووەستم. چاوەڕێ پشتگیرییەکی ڕاستەقینە و ڕۆشنم دەکرد کە  هەست بکەم دەتوانم بەردەوامبم لەم ڕووبەڕووبوونەوەدا ئەگەر ڕێژەی ترسەکە کەم بێتەوە، ئەمەش هەمان بەیاننامەیە کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویانم کردەوە. وەڵامیان بێدەنگییەکی تەواو بوو، جگە لە زیادکردنی یەک پاسەوانی لادێیەکان، ئەوانەی کە هیچ نازانن جگە لەوەی من کافرم و بەکرێگیراوێکی ئیسرائیلی و ئەمریکیم. تەنانەت تەلەفۆنی هەموو ئەم بەڕێزانە داخرا بوو و لە خزمەتدا نەبوو. وا هەستم کرد کە بە ئەنقەست و بە مەبەست خۆیان بە گێل وبێبایەخێکی تەواو پێشان دەدەن. هەموو پاڵی پێوەدەنام کە ڕەزامەندیم هەبێت بۆ هەڕەشە تۆبەئامێزەکە، ڕۆژان تێدەپەڕێت و ئەو کاتەی کە بویان دانابووم لە کۆتاییدایە و نازانم ئەم جارە هەگبەکەیان پڕە لە بۆمبەکان یان شمشێرەکان.

دوای دوو رۆژ لە ئاگادارکردنەوەم بۆ ئاسایشی دەوڵەت بە پەیوەست بەو نامەی کە ناونیشانی ( عقبالک ) هەڵگرتبوو، بەیاننامەیەکی تری کوشندە گەشت، یەکسەر پێوەندیم کرد بە ئاغایەک( بیە ) لە ئاغاکانی ئاسایشی دەوڵەت، پێم ڕاگەیاند کە نامەیەکی تر پێش چەند دەقەیەک هاتووە، پێم وت: بڕۆ ناو ئینتەرنێت و سەیری ئیمێڵەکەم بکە چونکە پێش دوو ڕۆژ وشە نهێنێیەکەم پێ دابوون، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەم ئاغایە نازانێت کە پێش دوو ڕۆژ ئاغای یەکەمم ئاگادارکردووەتەوە، وتی: من فڵان ئاغا نیم کە تۆ قسەت لەگەڵ کردووە چونکە ئەو لە پشووە. وشە نهێنییەکەم دووبارە دا بە ئەم ئاغای دووەمە و پێم وت خێرا بچۆ ناو لاپەڕەکەم، بەڵام وڵامێکی ڕاستگۆیانەی دایەوە و وتی: ئێمە هەر ئینتەرنێتمان نییە!!! ( ئەلێرە نازانرێ بۆ ئاغای یەکەم وشە نهێنییەکەی برد؟ ئایە بۆ هێورکردنەوەم بوو یان ئیهاملکردنێکی تەواوە)؟. وتم: بەڕێزم ئاگاداری ( لازوغنی)** بکە، و ئەوان تەسەرف دەکەن. وتی: باشە پێش ئاگادارکردنەوەیان وێنەیەک لەو نامانەم لەسەر کاغەز بۆ بنێرە با بیخوێنمەوە؟ بە بەڵێ وەڵامم دایەوە و داوام کرد کە نوێنەریەکیان بنێرێت بۆ ماڵ تا وەریگرێت، بە هەناسەسوارێکەوە وەڵامی دایەوە: باشە ناونیشانی خۆتم پێ بڵێ؟. ئاغا بەڕێزەکانی ئاسایشی دەوڵەت دوای ئەو هەموو ڕووداوانە داوای ناونیشانم لێ دەکەن!!! ئەمە لەکاتێکدایە کە ( رۆز یوسف) لەسەر ماڵپەڕەکە ئەمەی دادەبەزان پێش دەرچوونی بە کاغەز، و بابەتێکی تێدایە پشتڕاستی دەکاتەوە کە هەرچی ڕووی داوا جگە لە درووستکردن نەبێت لە لایەن منەوە، هیچی تر نییە.

بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە درووستکراوە، دوو کەسیان هێنا کە خاوەنی خیبرە و زانیارین، نەک لە ئاغاکانی پۆلیسی میسری و خەڵکی زانا نەبوون لە ئینتەرنێت، بەڵام شارەزا لە کۆمەڵەی تیرۆرستەکان، مونتەسر زینات پارێزەری ناسراوی تیرۆر، و کەمال حەبیب کە حوکوم دراوە بە مەسەلەی تیرۆر و پێش 10 دە ساڵ دادگایکرا، و پێشتر زیندانیکرا لە سەر کاری تیرۆر دژ بە نیشتمان، کە لە بەرنامەی ( الاتجاه المعاکس) لە کەناڵی جەزیرە بەزاندنێکی توند بەزاندم یان بە شێوەیەکی تر دۆڕاندی بەرامبەرم.

لێرەدا قەوارە و مانای ئەم قسەنەستەقەم زانی ( ئەگەر شەرم نەکەیت، هەرچیت دەوێت بکە). دوای 7 حەفت کاتژمێر گۆڤارەکە لێبوردنە ئابروچووە و شەرماوییەکەی لەسەر ماڵپەڕەکە لادا، بەڵام من تۆمارم کرد و خەڵکیش خوێندیەوە، پاشان لە هەفتەی داهاتوو بەرگەکە تایبەتکرا بۆ وتارێکی سەرنووسەر و هاوکارانی ئەندامانی کۆمەڵەکە بەم مانشێتە ( ئەگەر شەرم نەکەیت) فیلمێکی سەید ئەلقمنییە. بۆ تەئکیدکردن کە من هەموو ئەم شتانەم لە پێناوی ناوبانگیدا درووست کردووە!!! و نە تیرۆر هەیە و نەهیچ، و کۆمەڵەی جیهاد ماوەیەکی درێژە لە میسردا لەناوبراون و بوونیشیان نییە. دووبارە بەڵگەی کەمال حەبیبیان هێنایەوە کە تاوانبارکرابوو بە تاوانی تیرۆر و پارێزەری تیرۆرستەکان مونتەسەر ئەلزیات، ئەمە لە کاتێکدا کە هەموویان دەزانن و لە نێوانیاندا سەرنووسەری گۆڤارەکە ( رەقیبە کۆنەکە) کە من بە دوای ناوبانگییەوە نیم، ئەلحەمدوللا نووسینەکانم بە ڕاست و پتەو لای خوێنەر ناسراون، ئیتر چ دۆست بن یان دوژمن ، و نووسینەکانم ڕێزی خۆی و خەڵکیش دەگرێت و بۆ بەرژەوەندی خەڵک و نیشتمانە، و بۆ ئایندەی نیشتمانە، و هیچ ڕۆژێک هەوڵم نەداوە ببمە سەرنووسەری هیچ شتێک و هیچ ڕۆژێک داوای ئەندامبوونم نەکردووە لە هیچ لایەنێک، نە تایبەت و نە حکومی و نە حیزبی وبیریشم نەکردووەتەوە خۆم ناونووس بکەم لە یەکێتی نووسەرانی میسر، سووربوومە لەسەر ئازادی قەڵەمم لە هەموو سانسۆرێک یان فشارێک، دلخۆشیم لە گەڵ مناڵەکاندا بەسە بۆ من.

ئەوەی چێگەی پێکەنین و گریانە کە من کار دەکەم بۆ ناوبانگی کەچی بێدەنگی و لە نووسین وەستان چاوەڕیم دەکەن، مانای وایا ناوبانگی بۆ هیچ؟! ناوبانگی بۆ بێدەنگی! جۆکێکی ڕەش و ناشرینە کە تەنها لایەقی ئەوانەیە کە بڵاویانکردەوە، و ئەوانەی کە دووبارەیان کردەوە و دووبارەی دەکەنەوە لەوانەی کە بانگی لیبرالیزم دەکەن و ئەوەی کە خۆی بە شێخی لیبرالەکانی عەرەب ناساندووە، بە بێ ئەوەی هەست بە نابووتی بکات لە هەموو ئاستەکان کە ڕوودەدات، لە نێوانیاندا مەسەلەی مۆراڵ کە ئێمەی لێبرالییەکان شانازی پێدەکەین.

تێبینی،

*_ ( عقبالک) مانای وایا رۆژێکیش بۆ تۆ، یان بە شێوەیەکی تر چیدەکەیت، بۆ کوێ دەرویێت هەر پێت دەگاین.

**_(لاظوغلی)، نازناوە بۆ پاشا یان بۆ خاناوادە گەورەکان، بۆ کەسێکی گەورە لەدەسەڵات پلەدار